وەزیری گەشەپێدانی ئابووری ئەڵمانیا سەرکۆنەی کودەتای سەربازی نەیجەر دەکات

وەزیری هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری ئەڵمانیا، سفێنیا شوڵز ئەمڕۆژی سێشەممە لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ ڕۆژئاوای ئەفریقا وتی: "کودەتا سەربازییەکەی وڵاتی نەیجەر شکستێکە کە ئاستەنگییە ئاڵۆزەکانی پەرەپێدان لە وڵاتەکە و ناوچەکە زیاتر دەکات".

لە بەیاننامەیەکدا شۆڵز ڕایگەیاند: "ئەمە داوای ئازادکردنی دەستبەجێی سەرۆک محەممەد بازوم و گەڕاندنەوەی تەواوی سیستەمی دەستووری لە کۆماری نەیجەر دەکەین".

شایەنی باسە، کە زۆربەی وڵاتەکان سەرکۆنەی کودەتاکەی نەیجەریان کرد و داوای گەڕاندنەوەی سەرۆک محەممەد بازومیان کرد بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقا بیر لە دەستوەردانی سەربازی دەکاتەوە بۆ گەڕاندنەوەی سەرۆک بۆ دەسەڵات و کۆتایی هێنان بە کودەتاکە.